# نەتەوەسازییەکی دێموکراتیک؛

## لە ڕەعیەتیی عەجەمەوە بۆ شارۆمەندی کوردستانی

بێهرووز شوجاعی

”

توێژینەوەکانی سەبارەت بە بنچینە و جۆرەکانی هزر و پراکتیکی کۆلۆنیال، بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە ڕەخنەی ئانتی کۆلۆنیال، پێش ئەوەی کە ڕاستەوخۆ داوای سەربەخۆیی بکات، لەسەرەتادا بە داواکاری بۆ شارۆمەندییەکی یەکسان لە نێو چوارچێوەی ئەمپەریالیدا دەستی پێ کردووە. بەڵام ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە ئەم مۆدێلە ئالتێرناتیڤانە، لە ئوتۆپیا (کۆمەڵگای ئارمانی) و هەندێک ئیدەئال تێنەپەڕیون.

“

ئەم کورتە باســە ســەرەتایەکە بۆ لێکدانەوەی نەتەوەســازیی دیموکراتیک و پەیوەســتبوونی لەگەڵ چەمکی ســەروەری و شارۆمەندسازی. پرۆســەی نەتەوەســازی لە زۆرێک لە وڵاتاندا رەوتێکــی خۆماڵیی تێپەرکــردووە کە لەوانەیە لاســاییکردنیان بۆ هەلومەرجی کوردســتانی رۆژهەڵات، ئاکامــی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە. تەنانەت پرۆسەگەلی نەتەوەسازی لە پارچەکانی دیکــەی کوردســتان رەوتێکــی ئەندێمیکیان (خۆجێیــی) هەیە و ئەو ئەزموونانە دەبێ بە بێ لاســاییکردنەوە لە رۆژهەڵات ئێتوود (موتالعە) بکرێن. ئەم باســە ئاورێک لە پرۆســەی بیچم گرتنی سەرەوری و شارۆمەندسازی لە جیهانی خۆرئــاوا دەداتەوە و دواتر ئەو پرۆســەگەلانەی پارچەکانــی دیکەی کوردســتان کــە تێیاندا چەمکی شــارۆمەندی پێناســە یــان پراکتیزە کراوە، تیشکیان دەخرێتە سەر. بەشی دووهەمی ئــەم کورتەباســە ورووژاندنی نەتەوەســازیی دیموکراتیک بە پێی زاناوی (هۆوییەت)سیاسیی تەڤگەری رزگاریخوازیی رۆژهەڵاتە.

## کێشە و ئارگۆمێنت

بە درێژاییی مێژووی مۆدێرنیتە پەیوەندییەکی راســتەخۆ لە نێوان ســەروەری، ئێپیســتێم[۱] (مەعریفە)، تاک، شــارۆمەند و نەتەوەســازیدا هەبووە. تا ئەوکاتەی سەروەری وەکوو دەسەڵاتی باڵای رەببانی[۲] تەعبیر دەکرا، پێناسەی تاکیش بەنــی و مولک و ماڵ بــوو. تاک تەنیا ئەو کاتە گەیشــتە «ئەنتەگریتەی مرۆڤــی»[۳]ی خۆی، کاتێک مەعریفە بوو بــە مولکی هەموو کەس، واتە مەعریفە لە ناو خەڵکی ئاســاییدا دابەش کرا. لێرەدا مەبەستمان لە ئەنتەگریتەی مرۆڤی، تێگەیشــتنی ئۆتۆنۆم لە خۆ، وەکوو ســووژە و بکەری راسیۆنالیســت (ئەقلانــی) بە ئیرادەی ئۆتۆنۆم بە پێی پرەنســیپگەلێکە. ئەنتەگریتەی مرۆڤــی، وەکــوو چەمکیــش بەرهەمــی ئێپیستێمیکی مۆدێرنیتەیە.

وەک چۆن رێفۆرماســیۆن هانی وەرگێرانی دەقــە پیرۆزەکانــی بــۆ زمانی عامــە دەدا، تا خەڵکی ئاســاییش بتوانن تێبگــەن چییان بۆ دەخوێندرێتــەوە، یەکێک لە پێشــمەرجەکانی دێموکراسیش ئەوەیە کە دەبێت خەڵک بتوانن بــە زمانی خۆیــان بخوێنن و بنووســن تا بەم شێوەیە بتوانن ببنە بکەری سیاسیی راستەقینە. خۆ-بەرێوەبەری لەســەر بنەمای «یەک کەس و یەک دەنگ» ئەو کاتە دەســتەبەر دەکرێت، کە زانینیش دابەش کرابێت. یەکێک لە مێکانیزمە پێدڤییەکانی دابەشــکردنی زانین، دامودەزگای پەروەردەی گشــتییەکە لە لایــەن دەوڵەتەوە دادەمەزریت. ئەم دەزگایە نە تەنیا زانین دابەش دەکات، هەروەها لە تەنیشت فێرکردنی زمانێکی ســتاندارد، گێرانەوە و کەلەپووری نەتەوەیەکدا، سۆزیش بۆ دەوڵەت و هێماکانی دەخزێنێتە ناو زەینی تاک. ئەمە رێبازێکە نەتەوە-دەوڵەتەکان بۆ نەتەوەسازی بەکاری دەبەن. گەلۆ بۆ گەلێکی بــێ دەوڵەتی وەکوو کــورد، چ رێبازگەلێک بۆ بەدیهێنانــی پرۆســەی نەتەوەســازی هەیە؟ هەروەها ئەگەر دامودەزگای پەروەردەی گشتی بــە زاناوێکی جگە لە زاناوی کــوردی دارێژراو بێــت، ئەو زانین و زمانە، ئــەو گێرانەوەیە، ئەو دەوڵەتــە و هێماکانــی، چ کاریگەرییان دەبێت لەســەر ئەنتەگریتــە مرۆڤیی تاکــی کورد و تەنانەت لەسەر زاناو و رێزۆن دێتری[۴](هۆکاری مەوجوودیەت) مرۆڤی کورد؟

کۆمەڵــگای رۆژهەڵات کۆمەڵــە گۆرانێکی بنەرەتیــی لــە ماوەی ۴۰ ســاڵی رابــردوودا ئەزموون کردووە. ویژمانی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لــە رۆژهەڵات، بــە پێــی هەلومەرجی ئەوکاتــەی رۆژهەڵات لەســەر بنەمای مافی «دیاریکردنــی چارەنووس» و «رەفعی ســتەمی میللــی» دارێژرابــوو. حیزبــە سیاســییەکانی رۆژهــەڵات هەرچەندە لە پاشــخانی جیاوازی سیاســییەوە ســەرچاوەیان وەرگرتبیــت، بــەڵام زۆربەیــان پۆزیســیۆنێکی تێئۆریکیان هەبوو کە لــە ناو ســپێکتروم و تەیفی چەپدا پێناســە دەکرا. لەم چەند دەیەیەدا، گۆرانێکی

بنەڕەتی لە ئاستی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری، بەسەر ڕۆژهەڵاتدا هاتووە. ئەوەی لەو ماوەیەدا هەر وەک جاران مایندەیە و تەنانەت ئاگرێسیڤتریشی لێ هاتووە، هەر ئەو «ستەمە میللییە»یە. کاراکتەر و ڕوخساری ئەم «ستەمە»، لەبەر چەند هۆکارێک گۆڕاوە. لەوانە چەمکی ناسیۆنالیسمی باڵادەست، واتە ناسیۆنالیسمی فارس، ڕیڤیزە کراوە؛ ناسیۆنالیسمی بە ڕواڵەت سێکولاری فارسی، ماسکی سێکولاریستیی بە تەواوی لاداوە و سیمای ڕاستەقینەی فارسی-شیعەکەی بە ڕاشکاوانە بەرجەستە بووە.

تا ناوەڕاستی دەیەی ٦٠ی زائینی ئەگەر لە سەدا بیستی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شارەکاندا نشتەجێ بووبن، ئیستا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر بەرزتر. بە شاریبوونی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات ئەنتەگراسیۆن لەگەڵ سیستەمی کارگێری و ئابووریی دەوڵەتی ئێرانیشی قووڵتر کردووە. کاراکتەرە کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکانی تاکی کورد لەبەر ئەم پرۆسەگەلانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕاوە. لە نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەییی نەتەوەیی بە زاناوی کوردی چ ڕێگایەک لە قۆناغی ئێستادا بۆ پەروەردەی تاکی کورد بەرەو نەتەوەسازییەکی دێموکراتیک هەیە؟ پێش ئەوەی بەرسڤی ئەم پرسیارانە بدەین، پیویستە ئاوڕێک لە وەراری(تەکامول) چەمکی سەروەری بدەینەوە کە ڕۆڵێکی ناوەندیی لە گەشەی چەمکی تاک، شارۆمەند، تاک و دێموکڕاسیدا هەیە.

## پێناسەی سەروەریی پێش مۆدێرنیتە

پرۆسەی نەتەوەسازی دیاردەیەکی مۆدێرنیتەیە کە بە ڕێفۆرماسیۆن و ڕۆشنگەرییەوە دەستی پێ کردووە. پێشتریش قەوارەی جۆراوجۆری حوکمڕانی هەبوون، بەڵام چەمکی سەروەری تەنیا گرێدرابوو بە کەسێکەوە کە ئەویش فەرمانڕەوای وڵاتەکە بوو بە نوێنەرایەتی لە دەسەڵاتێکی ڕەببانی. واتە ئەوەی کە ئێستا وەکوو سەروەریی گەل پێناسە دەکرێت، دیاردەیەکی نوێیە، هەرچەندە سەرەتای بیچمگرتنی ئەم سەروەرییە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕیفۆرماسیۆن و وەرگێڕانی ئینجیل. لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، یەکینە سیاسییەکان وەکوو مەملەکەت[٥] دەناسێندران، کە نە ئۆتۆریتەی ڕەها بوون، نە سەربەخۆیش، نە «دەوڵەت» بوون نە «نەتەوە»یش، کە ئێمە ئێستا وا پێناسەیان دەکەین. بێگومان شانشینی و ئیماراتی تەریتوریالی ورد و گەورە هەبوون. شاهـ دووک یان فەرمانڕەوایەکی ناوچەیی یان تەنانەت ڕێبەرێکی دینی، دەیتوانی حاکمییەتی تەریتوارێکی بەدەست بێت. «شاهان ئۆتۆریتەی ناوەڕاست بوون؛ زاڵ بوون بەسەر ئۆتۆریتەکانی خواریێ، بەڵام ئۆتۆریتەی ڕەها خودا، یان نوێنەرانی لەسەر زەوی، واتە پاپەکان بوون. زۆر جار ئەمیرەکان لە دەسەڵاتی شاهان بێ نیاز بوون، واتە جۆرێکی خۆبەڕێوەبەرییان هەبوو، لە هەمان کاتدا بەتەواویش سەربەخۆ نەبوون.» (Keen, 1991:262) بۆیە بریتانیا و فەرانسە وەکوو مەملەکەتی ئینگلیز[٦] و مەملەکەتی گالیک[٧] پێناسەدەکران کە لە ژێر حوکمی باڵای پاپی ڕۆمدا بوون. ڕۆحانییەت و کلێسە[٨] هاوتەریب لەگەڵ شاهـ حوکمڕانییان دەکرد.

## ئالینگارکردنی سەروەریی ڕەببانی

لە کۆتاییی سەردەمی ناوەڕاستدا سێرییەک کتێبی دینی[٩] بۆ ئامانجگەلی شەخسی بڵاو کرانەوە. ژمارەی زۆری بڵاوکراوەکان بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی دینداریی غەیری پیشەیی/عامە[١٠]، واتە دیندارییەک کە بە ڕۆحانییەتی کلێسەوە گرێدراو نەبوو و زۆرتر وەکوو عەوام پێناسە دەکرا. عەوامی باوەڕمەند، سەربەخۆ لە ڕۆحانییەت، خۆیان وە دوای وەدەستهێنانی زانینی تیئۆلۆژیک (کلامی) دەکەوتن. ئیتر مۆنۆپۆلی ڕۆحانییەت لە سەر پرسگەلە دینییەکان، بەرەبەرە بەرەو لەناوچوون دەچوو؛ کەسێکی ئاساییش دەیتوانی ببێتە خاوەنی بەیان و دەربڕین لەم بوارانەدا.

ئاکامێکی ئەم دیاردەیە بوو بە هۆکاری «پەرەسەندنی نارەزایەتیی خەڵک لەو ڕۆڵە کە بە ڕۆحانییەت وەکوو ڕزگارکەر درابوو.» (McGrath, 2004:11) مشەییی (وفور) دەقە بڵاوکراوەکان، پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆری دامەزراوەی پەروەردەییشی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەم دامەزراوانە زیاتر دێری مەخینی (مەسیحی) بوون، کە پەروەردەی دینییان بۆ عەوام/خەڵکی ئاسایی دابین دەکرد. ئەمە «نیشانەی ئەوە بوو کە لە کۆتاییی سەردەمی ناوەڕاستدا، هەرچەندە لە بنەمای تیئۆلۆژیدا گۆڕانێک نەهاتە ئاراوە، دیانەت و ڕۆحانییەت بەرەو لائیسیتە جووڵایەوە.»[۱۱] (McGrath, 2004:12) کاتێک دەوری نێوانگێڕی ڕۆحانییەت کەم کرایەوە، ئیمتیازاتیشی بەردرا ژێر پرسیار. داهێنانی دەزگای چاپ، هەم لە ڕووی دینی و هەمیش لە ڕووی سیاسییەوە، مەترسییەکی گەورەتری بۆ ئۆتۆریتەی کلێسە خوڵقاند. لە دەسترەس بوونی بەرهەمی تیئۆلۆژیک بۆ عەوامێکی خوێندەوار، مۆنۆپۆلی کلێسەی لەسەر دین و زانین تێکدا و پلۆرالیسمێکی زانینی خولقاند، بۆیە «ڕەگ و ریشەی ڕۆشنبیریی ڕیفۆرماسیۆنی لووتێران، پەیوەستە بە پلۆرالیسمی دۆکترینالی[۱۲] (مەکتەبی/تەعلیمی/عەقیدەتی) کۆتاییی سەردەمی ناوەڕاست.» (McGrath, 2004: 28) پلۆرالیسمی دۆکترینال، بە دوای خۆیدا پلۆرالیسمی زمانیشی هێنایە ئاراوە؛ هەڵمەتێکی وەرگێڕانی ئینجیل و سەرچاوە تیئۆلۆژیکەکانی دیکە بۆ زمانە هەرێمییەکان دەستی پێ کرد کە ئیتر ئەو بەرهەمانە بۆ خەڵکی ئاسایی، واتە ئەوەی کە وەکوو عەوام پێناسە دەکرا، بەردەست بوو. «ئێپیستێم» ئیتر بۆ چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگا سنووردار نەکرابوو، بەڵکوو خودانێکی گشتیی هەبوو، چونکە هەرکەس دەسترەسیی بە ئێپیستێمی «زمانەکە»[۱۳] هەبوو. ئەم زمانە و زمانانە لە کۆتاییدا چوارچێوەیان بە زاناوگەلی لۆکالیی ئاخێوەران بەخشی و هەروەها بیچمیان بە تەڤگەرە ڕیفۆرمیستەکانی ئەو سەردەمە دا. لە پاش قەیرانی ڕەوایەتیی ئۆتۆریتە، کە تیئۆکراسیی کلێسە تووشی بوو، خەڵکی ئاسایی تەنانەت ئۆتۆریتەی دونیەویشیان بردە ژێر پرسیار؛ جا چ لۆردی لۆکال بوایە، چ پرەنس و نەجیبزادەی حاکم بوایە کە لە پۆزیسیۆنی باڵای هیرارشیی فیئۆدالیی سەردەمی ناوەڕاستدا بوون. هەتا ئەو کاتەش وشەی سەروەر هاوواتا بوو لەگەڵ خودی لۆرد یان شاهـ بەڵام بە گەشەسەندنی ئێپیستێم لە ناو خەڵکی ئاساییدا، سەروەری ئیتر بۆ تاکەکەسێک ڕەها نەبیندرا. ئەم دیاردەیە بەتایبەت لە ناوچەی شڤابێنی[۱۴] ئاڵمان سەری هەڵدا. جووتیارانی شڤابێن لە ساڵی ۱۵۲۵دا جارنامەیەکیان بە ناوی «۱۲ مادەی جووتیارانی شڤابێن» بڵاو کردەوە، کە تێیدا جگە لە داخواز بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لە مادەی ۳دا ئاماژە بەوە دەکرێت کە «تا ئیستا بە پێی نەریت، لۆردەکان خاوەنمان بوون، وەکوو ئەوەی ئێمە موڵک و ماڵ بین. ئەمە جێی داخە چونکە مەسیح هەموومانی بە بێ جیاوازی بە خوێنی پیرۆزی ڕزگار کردووە، ئەمجا چ شوانێکی بێ پایە بێت، چ لۆردێکی گەورە. بۆیە ئینجیل بۆمان دەسەڵمێنێت کە ئێمە ئازادین و دەمانەوێ ئازاد بین.» (Te Brake, 1998: 33) سەرەرای وێژمانی دینیی ئەم جارنامەیە، بۆ یەکەم جار خەڵکی ئاسایی خۆیان ئیتر نە وەکوو ڕەعیەت بەڵکوو وەکوو تاکی ئازاد پێناسە دەکرد.

جارنامەی شڤابێن ڕەعیەتی نەکردە شارۆمەند، بەڵام سەرەتایەک بوو بۆ کۆتاییهێنانی سەروەریی ڕەببانیی[۱۵] کلێسە؛ چونکە پاش ڕیفۆرماسیۆن و گەشەسەندنی پرۆتێستانتیسم، کلێسەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و شاهـ واتە جۆرێک کلێسەی نەتەوەیی دروست بوو. تا ئەو سەردەمەش نەخشەی ئەورووپا بە پێی وڵاتانی خاوەن سەروەری نەکێشرابوو واتە «ئەورووپا بەسەر دەوڵەتانی سەروەردا دابەش نەکرابوو، بەڵکوو پێکهاتبوو لە ژمارەیەک حوکمڕانی کە [تەریتوارەکانیان]

یەکتری هاوپۆش دەکرد یان دەست بە دەست دەکرا.» (Clark, 1960:28) جەکسنیش لەم بارەیەدا گەواهی دەدات کە ئەو سەردەمە «هیچ سنووری سەقامگیر و دیاریکرای سیاسی نەبوو کە ئێمە بتوانین بە پێی سەلاحیەتی حەوزەی قەزایی، وەکوو دەوڵەتی سەروەر پێناسەی بکەین.» (Jackson, 2007:35) پرۆسەی ڕیفۆرماسیۆن و سەرهەڵدانی پرۆتێستانتیسم، شیسمێکی گەورەی لە ناو کلێسەدا دروست کرد، کە بۆ ماوەی چەندین دەیە بووە هۆکاری شەڕی مەزهەبی لە ئەوروپا.

## لە سەروەریی ڤێستفالێنی دەوڵەتەوە بۆ سەروەریی گەل

ئەم شەڕانە بە پەیماننامەی ئاشتی ڤێستفالێن[١٦] لە ساڵی ١٦٤٨دا کۆتاییان پێ هات. گرنگترین دەسکەوتی ئەو پەیماننامەیە دەستەبەرکردنی سەروەری بۆ لایەنەکانی شەڕ بوو، بۆیە سەروەریی دەوڵەت[١٧] وەکوو سەروەریی ڤێستڤالێنیش[١٨] بەناوبانگە. بەڵام سەروەریی ڤێستفالێنی، سەروەریی بەرەو دەرێ بوو. بە پێی ئەم چەمکە، ئۆتۆریتەی دەوڵەتێک لە بەرانبەر دەوڵەتێکی دیکە بوو. واتە دەوڵەت[١٧] یان «حکوومەتێکی سەروەر، حکوومەتێکی «ئازاد»ە، بەو مانایە کە ڕەهایە لە ئۆتۆریتە و قانوونی دەرەکی، جگە لەو حاڵەتانە کە خۆی ڕەزایەتی دابێت، بۆ نموونە ئەگەر ڕێککەوتنێک [لە نێوانیاندا] هەبێت.» (Jackson, 2007:10) ئەم جۆرە سەروەرییە لە لایەن شاهانی سەردەمی ناوەڕاستدا لە بەرانبەر پاپ و شاهە ڕەقیبەکانەوە بەرجەستە دەکرا.

## سەروەریی گەل بە پێی پێناسەیەکی ڕووسۆیان و تەعبیر لەو پێناسەیە

سەروەری وەکوو چەمک، ڕێگایەکی مێژوویی بڕیوە؛ ڕاستە جاران وەکوو مافی باڵادەستی شاهان و فەرمانڕەوایان لەبەرانبەر ئەوانی دیکەی ڕەهادا پێناسە دەکرا. بەڵام ڕوویەکی ناوخۆییی ئەم سەروەرییە هەبوو، چونکە ئۆتۆریتەی فەرمانفەرمای سەروەر لە بەرانبەر ڕەعیەتیش بەرجەستە دەکرا، واتە سەروەر بەسەر ڕەعیەتەکانیدا ڕاهێنانی ئۆتۆریتەی دەکرد و بە کەیفی خۆی بڕیاری دەدا. ڕێبواریی سەروەری گەرچی لە سەروەریی دەوڵەت یان سەروەریی ڤێستفالێنی ڕا دەستی پێ کرد، بەڵام بە ئیدەگەلی ڕادیکاڵ خۆی فراوانتر و قووڵتر کرد. لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا جان لۆک[١٩]و ژان ژاک ڕووسۆ[٢٠] سەروەریگەلیان تیئۆریزە کرد. لە کتێبی دووەمی «دەربارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی، یان پرەنسیپگەلی مافی سیاسی[٢١]» (١٧٦٢)دا ڕووسۆ ئیستیدلال بەوە دەکات کە سەروەری، یان «ئیرادەی گشتی»، «ناجیابار»ە و یاسا پەیڕەو دەکات. یاسادانەر لە خۆڕا ئۆتۆریتەی نییە، تەنیا ڕێنوێنێکە کە کۆمەڵە یاسایەک ئامادە و پێشنیاز دەکات و تەنیا گەل، واتە «سەروەر» یان «ئیرادەی گشتی» ئۆتۆریتەی تەسویب کردنی هەیە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی ڕووسۆ بۆ سەروەری لەوبەری ئۆقیانوسی ئەتڵەس لە ئەمریکا شۆڕشێک بۆ سەربەخۆیی سەری هەڵدا کە بە «ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی» لە ساڵی ١٧٧٦ و «دەستووری» ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧دا بە ئەنجام گەیشت. لە دیباچەی دەستووری ئەمریکادا هاتووە کە «ئێمە، گەلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ئەوەی کە یەکگرتنێکی کارا دەستەبەر بکەین... بڕیار لەسەر دامەزراندنی ئەم دەستوورە بۆ ... ئەمریکا دەدەین.» (The Declaration of Independence, 1776) واتە ئەوەی کە بناغەی وڵاتەکەی داناوە، گەلە نە فەرمانڕەوایەکی سەروەر. چەند ساڵێک دواتر تیئۆریی ڕووسۆ بوو بە بەردی بناغەی پێناسەی سەروەری لە دەستووری ١٧٩١ی فەرانسە؛ تەنانەت هەندێک دەستەواژەی ڕووسۆیی بوون بە بەشێک لە دەقی دەستووری فەرانسە. لە بەشی ٣، «دەسەڵاتی گشتی»، بەندی یەکی ئەو دەستوورەدا هاتووە کە «سەروەری یەکە، نادابەشبار، ناجیابار

و ناستێنباره؛ نەتەوە خاوەنیەتی؛ نە هیچ گرووپێک دەتوانێ سەروەری بکاتە تابیعی خۆی، نە هیچ تاکێکیش دەتوانێ بیکاتە موڵکی خۆی.» (The French Constitution of 1791) بەڵام لە ڕاستیدا «ئەوەی شۆڕشگێڕانی فەڕانسە تێیدا سەرکەوتوو بوون، «تابیع» کردن و «تەمەڵلوکی» سەروەری بوو بۆ خۆیان لەژێر ناوی «گەل».» (Jackson, 2007:93) ئەو سەروەرییەی کە پاش شۆڕشی فەڕانسە لەوێ دەستەبەر بوو وەکوو «دیموکراسیی تۆتالیتەر» (Talmon 1970:43) پێناسە کراوە. واتە تەنیا فاشیسم و کۆمونیسم نییە کە لە سپێکترومی دیموکراسیی تۆتالیتەردا وێنا کراوە، ڕەگ و ڕیشەی ئەم جۆرە دیموکراسییە دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەی سیاسیی شۆڕشی فەڕانسە. واتە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی حاڵەتی ئێکسترێمی سەروەریی گەل و تۆتالیتاریسم هەیە، کە لەوانەیە مەبەستی ڕووسۆ نەبووبێ. گەلۆ پرێمیسەکانی تەعبیری «ئیرادەی گشتی» چین، کە شۆڕشی فەڕانسە تەفسیرێکی وا تۆتالیتەری لە «سەروەریی گەل» کرد؟ ڕووسۆ سەروەریی لەگەڵ «ڕەزایەتی خەڵک» ڕەوا دەدیت؛ هەولی دەدا بسلەمێنێ کە ئۆتۆریتەی سەروەر دەکرێت لە دەست هەموو کۆمەڵگەی سیاسیدا بێت. بەڵام ئەو ڕەوشەی کە ئاکتۆرەکانی شۆڕشی فەڕانسە دەیانەویست بە ناوی خەڵکی ئاسایی بەدی بێنن، لە کۆنترۆڵێکی تۆتالیتەر ئەولاتر نەبوو! واتە ئیدەکانی تەحریفکراوی ڕووسۆیان بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بە کار هێنا. بە ناوی خەڵکی ئاسایی ویستی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاند. بە ناوی گەل، خەڵکیان ترساند و تەنانەت تیرۆریزە کرد. ئیرۆنییەکی مێژوویی ئەمەیە کە ڕەچەڵەکی وشەی «تیرۆر» دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەڕانسە.

لە کۆنتێکستی کوردیدا هاوشێوەی تەفسیرێکی وا لە سەروەری لە پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان (ک.ج.ک)دا دەبینرێت. بە پێی مادەی ٢ی پەیماننامەکە «ک.ج.ک سیستەمێکی کۆمەڵگاگەر (وشەی toplumcu بە کار هێنراوە، کە لە تورکی دا toplum بە واتای کۆمەڵگا و-cu پاشگرێکە بۆ ئاولناو، واتە وەرگێری ڕاستەوخۆیی بە زمانە ڕۆژئاواییەکان دەبیتە سۆسیالیست، بەڵام ک.ج.ک وشە تورکییەکەی بەکار هێناوە)-کۆنفیدرێراڵە. ... دەوڵەت نیە، ئۆرگانیزاسیۆنێکی کۆمەڵایەتی، دیموکراتیک و سیاسی یە، کە بە شێوەی ئاسۆیی و پیرامیدی (هەرەمی) ڕێکخراوە. ئیرادەی کۆمەڵانی گەل بە ڕێگای کۆمون، ئۆجاق، مەجلس و کۆنگرە پەیرەو دەکات.[٢٢]» [٢٣] ( KCK Sözleçmesi) لێرەدا ک.ج.ک خۆی دەکاتە خاوەنی ئیرادەی گەل. پەیماننامەی ک.ج.ک. ئاماژە بە جۆرێک لە دیموکراسیی ڕادیکال بە ناوی دیموکراسیی جەماوەری دەکات. بەڵام بە پێی مادەی ٥ی پەیماننامەکە «هەرکەسێک کە لە کوردستان لە دایک دەبێت شارۆمەندی ک.ج.ک یە و... دەبێت ئەو ئەرکانەی لە پەیماننامەدا دیارکراوە بە جێ بێنێ. [٢٤] «بەندی ج، مادەی شەشیش هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە دەرکردن لە شارۆمەندی ک.ج.ک بە بڕیاری دیوانی داد و تەئیدی کۆنگرا گەل جێ بە جێ دەکرێت.[٢٥] «کۆنگرا گەل ڕێکخراوی سیوانیی پ.ک.ک یە. لە مادەی ٣٦ی ئەو پەیماننامەیەدا هاتووە کە پ.ک.ک. «هێزی ئیدیئۆلۆژیکی سیستەمی ک.ج.ک. یە و بەرپرسە لە بەدیهێنانی فەسەلفە و ئیدیۆلۆژی ڕێبەرایەتی (مەبەست عەبدوڵلا ئۆجالان). [٢٦] «واتە چارچێوەی شارۆمەندی، مەرجی شارۆمەندی بە پێی ئیدیئۆلۆژیی پ.ک.ک و کەسێک (ئۆجالان) دەستنیشان دەکرێت. بە پێی مادەکانی ٢٤ تا ٢٦ هەر شارۆمەندێک دەبێت لە پێکهاتیەکی کۆمونالدا ئۆرگانیزە بکرێت. سیستەمی شارۆمەندی ک.ج.ک و ڕێکخستنیان لە کۆمونەکاندا جیاوازیەکی ئەوتۆیی لەگەڵ سیستەمی سۆڤیەت نیە، لە دیموکراسی سۆڤییەتدا دەبا هەر شارۆمەندێک لە «سۆڤیەت»ەکی گەرەک، دێ و کۆلاندا

ئەندام بواییە. ئەم «سۆڤیەت»ـانەش گرێدرابوون بە حیزبی کۆمونیست.

لە سەرەتای سەدەی ڕابردووش ژمارەیەک لە سیستەمەکان لە ژێر ناوی «ئیرادەی گەل» ویستی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. یەکێک لە وشە ئیکۆنییەکانی ناسیۆنالسۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا وشەی «das deutsche volk»، واتە گەلی ئالمانە. زۆربەی وڵاتە کۆمونیستەکان کە سیستەمی تۆتالیتەریان هەبوو و هەیە، ناوی «دێموکرات» لە پێناسەی فەرمییاندایە؛ کۆماری دێموکراتیکی ئالمان، کۆماری «دێموکراتیکی» گەلی کۆریا (کۆریای باکوور) و کامپوچیای «دێموکراتیک». کامپۆچیای دێموکراتیک یان لە ڕاستیدا کامپۆچیای پۆل پۆتی خمێرە سوورەکان، ناوی بە ژێنۆسایدی خەڵک چووە مێژووەوە. لەم وڵاتانە نە تەنیا دێموکراسی و شارۆمەندی نەبووە، تەنانەت هیچ بەهایەک بۆ ئەنتەگریتەی مرۆڤیی تاکەکانی وڵاتەکەش نەبووە.

## سەروەری و یاسای نێودەوڵەتی

ئەگەر قۆناغەکانی وەراری ڕێبواریی سەروەری وێنا بکەین، دەتوانین سەروەریی ڕەببانی بۆ سەروەریی دەوڵەت یان ئەوەی کە وەکوو سەروەریی ڤێستفالێنی و لەوێشەوە بۆ سەروەریی گەل دەستنیشان بکەین. تا ئێستاش بۆمان سەلمێندراوە کە سەروەریی گەل بە شێوەیەکی خۆکار ناتوانێ دێموکراسییەکی ڕاستەقینە دەستەبەر بکات. لە بواری یاساییدا سەروەریی گەل، دوو واتای جیا، بەڵام پێکەوە بەستراوی هەیە؛ «بۆ دەروە، ئاماژە دەکات بە چۆنایەتیی سەروەربوونی ئەو گەلانە کە شامیلی دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکانن. ئەم چۆنایەتییە بریتییە لە پرەنسیپی دەستوورنەدانی دەوڵەتی بێگانە لە کاروباری نێوخۆیی و ڕەدی بۆچوونی بیانی لەسەر ئەوەی کە کێ حکومەتی ڕەوای ئەو دەوڵەتەی پێکهێناوە.» (Roth, 1997:365) لایەنێکی دیکەی ئەم چەمکە نۆرمێکی نێوخۆیی لە یاسای نێونەتەوەییدایە. ڕاستە کە مادەی ۲۱(۳)ی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ داوا دەکات کە «دەبێت ئیرادەی گەل بنچینەی ۆۆتۆریتەی حکومەت بێت» (Universal Declaration of Human Rights)، بەڵام نەسی ئەم جاڕنامەیە ئیدیعای هەموو دەزگایەکی حوکمرانی لە جیهاندایە، جا چ دێموکراتیک بێت چ ئۆتۆریتەر. تەعبیری ئەم بەندەی جاڕنامە پرسێکی ئیدئۆلۆژیکە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی زۆر جار نەک هەر پابەندی ئەم بەندە نەبووە، بەڵکوو بە پێی ڕێسای ڕێئال پۆلێتیک[۲۷]، عوزریشیان بۆ ڕژێمە ڕەهایەکان هێناوەتەوە. لەم سەردەمە دا، ڕێژیمە هەرە تۆتالیتەرەکان خاوەنی پارلمانن، بەڵام ئایا لەم وڵاتانە سەروەریی پارلمانی هەیە؟ تەعبیرێکی گشتی لە پارلمان ئەوەیە کە پارلمان نە تەنیا جەستەیەکی یاسادانەر، هەروەها دەزگای نوێنەرایەتیی گەلە. بە پێی پرۆسێدوورێکی هەڵبژاردن بەشێک لە گەل یان هەمووی، بە ڕێگای هەڵبژاردن، هەندێک تاک لە ناو خۆیەوە، بۆ نوێنەرایەتیی خۆی هەڵدەبژێرێت. بەڵام لە وڵاتانی وەکوو ئێران و تورکیا، پارلمان چەندە سەروەریی هەیە؟ گەلۆ ئەو کەسانەی بۆ نوێنەرایەتیی گەل هەڵبژێردراون، چەندە نوێنەرایەتیی گەل دەکەن؟ سەروەریی پارلمانی دێتە واتای سەروەریی موتڵەق و ڕەهای پارلمان. بە پێی ئەم سەروەرییە پارلمان یاسا دادەنێ و یاسا هەڵدەوەشێنێتەوە. هیچ ئۆتۆریتەیەک لەسەرووی پارلماندا نییە. بەڵام ئایا دەتوانین کەتواری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی ئەو جەوهەرەی سەروەریی تێدا پێناسە کراوە، وێنا بکەین؟ تەنانەت ئەگەر سیستەمێکی پارلمانی، تەواوی تایبەتمەندییەکانی دێموکراسیی نوێنەرایەتی پەیڕەو بکات، ئایا دەتوانێ هەموو مافە دێموکراتیکەکانی تاک، گرووپ، دەستە و تەنانەت کەمینە ئێتنیکییەکان دەستەبەر بکات. سیستەمی دێموکراسیی نوێنەرایەتیی ئەمریکا، یەکێک لە کۆنترین سیستەمە پارلمانییەکانی

جیهانە، کەچی تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، سیستەمی هەڵاواردنی نژادی تێیدا حاکم بوو. ڕەشپێستەکان نەیاندەتوانی بچنە خوێندنگا یان تەنانەت ڕێستۆرانتی سپیپێستەکان. واتە سەروەریی گەلْ، بۆ پراکتیزە کردنی ئۆتۆریتە بە پێی بڕیار و خواستی گەل، هیچ گارانتییەکی نییە.

بۆ ئەوەی دەسەڵات لە لایەن کەس یان کەسانێکەوە مۆنۆپۆلیزە نەکرێت یان بە شێوەیەکی خراپ بە کار نەهێنرێت، دەبێت «ئۆتۆریتەیەکی دەستووری هەبێت، کە تێیدا گەل وەکوو جەمع، دەسەڵاتی باڵای وڵاتەکە بێت، واتە دامودەزگا و سامانەکانی دەوڵەت لە خزمەت گەلدا بێت و بەم شێوەیە دەسەڵاتی خەڵکی ئاسایی، بە شێوەیەکی ئامرازی و ویژمانی دەزگایی بکرێت. ئەمە دێموکراسیی دەستوورییە، کە تێیدا «دەسەڵات بە پێی یاسا مەهار دەکرێت.» (Friedrich, 1963:198)

سەرەڕای ئەو هەموو میکانیزمە سیاسی و تەنانەت یاساییانەی کە فرێدریخ باسی دەکات، دیسان هیچ گارانتییەک نییە کە دەنگی گەل ڕەوایەتی نەداتە سیستەمێکی تۆتالیتەر. گەل دەتوانێ حیزب یان تەنانەت کەسێک هەڵبژێرێ کە هەموو دەسەڵات لە دەستی خۆیدا قەبزە بکات؛ دیارترین نموونە حیزبە ناسیۆنالسۆسیالیستەکەی ئالمان بوو کە بە دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا هاتە سەر حوکم.

## نەتەوە و سەروەری

لە نێوان سەروەریی گەل و مافی دیارکردنی چارەنووسی نەتەوەدا پەیوەندییەکی مێژوویی هەیە. هەر دوو شۆڕشی فەرانسە واتە، شۆڕشەکانی کۆتاییی سەدەی ١٨ و ناوەڕاستی سەدەی ١٩ و ئەو شۆڕشانەی کە لە ناوەڕاستی هەر دوو شەڕی جیهانیدا ڕوویاندا و تەنانەت شۆڕشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا لەدژی هێژێمۆنی سۆڤیەتیش، لە کۆنتێکستی سەروەریی گەل بە پێی دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەدا هەڵدەسەنگێندرێن. بۆیە لە تیئۆریی سیاسەتی مۆدێڕندا گەلێکی سیاسی کە وەکوو سووژەی مافی دیاریکردنی چارەنووس هەڵسەنگێندرێت، وەکوو نەتەوە پێناسە دەکرێت، چونکە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان نەتەوەبوون و پراکتیکی سەروەریی گەلدا هەیە. تەنانەت مۆدێلی نەتەوە-دەوڵەت لەسەر ئەو هزرەیە کە نەتەوە پەیوەستبوونی ئیدەی ئازادی، [مافی] دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی و سەروەریی گەل پێکەوە وێنا دەکات. بێگومان نەتەوە و دەوڵەت هاوواتای یەکتر نین، ڕاستە کە نەتەوە پۆتانسیێلێکی بەهێزی هەیە بۆ بەسیج و هەستی هاوزاناوی (هەمزادی) تاکەکان و لە ئەنجامدا بەهێزکردنی بناغەی دەوڵەتەکە. بەڵام لە نەتەوەی بێ دەوڵەتیشدا پۆتانسیێلێکی وا بینراوە، دەنا بە بێ پۆتانسیێلی بەسیج، تاکەکانی ئەو نەتەوەیانەی کە خەباتیان بۆ ڕزگاری کردووە، سەرکەوتنیان بۆ بەدەست هێنانی سەروەری بەدی نەدەهات. هابرماس جەخت لەوە دەکات کە «خۆ-ئاگایی نەتەوەییی خەڵک، کۆنتێکستێکی فەرهەنگیی پێکهێنا کە ڕێگەی دا بە چالاککردنی شارۆمەندەکانی. ئەمە کۆمەڵگەی نەتەوەیی بوو کە جۆرە پەیوەندییەکی نوێی لە نێوان کەسانێکدا خوڵقاند کە پێشتر بۆ یەکتر بێگانە بوون.» (Habermas 1996: 128)

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پشتگیرییەکی بێ وێنەیان بۆ خۆڕاگریی ڕۆژاڤا و پرۆسەی گشتپرسیی باشوور نواند. لەوانەیە گرنگ بێ کە ئاورێک لەو کارەساتانەی لە ڕۆژهەڵات ڕوویان داوە بدەینەوە. پاش بوومەلەرزەی کرماشان، لە یەکێک لە باکووریترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵات واتە لە شارۆچکەی کۆتۆل (قوتوور) ـەوە کاروانێکی ٧٠ کامیونی یارمەتی بە مەودای ٨٠٠ کیلومەتر بۆ کرماشان و سەرپێل زەهاو نارددرا. لەوانەیە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەر ناوی سەرپێل زەهاویشیان نەبیستبوو. لە زستانی ٢٠٢٠ لە کۆتۆل بوومەلەرزە قەوما،

ئەمجا سەرپێل زەهاوییەکان لە ژێر چادر و خێوەتەوە یارمەتیان بۆ کۆتۆڵ نارد، جگە لەوەی سەرتاسەری کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە بەسیج بوون. لە کۆتایی ٢٠١٨ دا ڕێکخراوە ڕۆژهەڵاتییەکان بانگەوازێکیان بۆ مانگرتنی گشتی کرد؛ لە باکوور تا باشووری ڕۆژهەڵات خەڵک لە ماڵی خۆیان مانەوە و دووکان و بازاڕ و شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەمووی داخرا. ئەم دوو نموونەیە و زۆرێک لە نموونەی دیکە سەلمێنەری ئەوەیە کە هاوهەستی و هاودڵیی شارۆمەندی لە ڕۆژهەڵات، لە نەتەوەکانی دەوروبەر ئەگەر بەهێزتر نەبێت، لاوازتریش نیە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پڕۆسەیەکی سۆسیالیزاسیۆن، واتە پەروەردەیەکی گشتیی کوردی لە ئارادا نیە. تاکەکانی نەتەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، لەوانەیە لە شارۆمەندانی دەوڵەت-نەتەوەکان زیاتر ئینتیما و هاوزاناوی لە بەرانبەر یەکتر دەنوێنن؛ پشتگیریی یەکتر دەکەن، هاوکاری دەکەن، بۆ ژینگە، بۆ خاک و خەڵکی خۆیان هەموو جۆرە فەداکارییەک دەکەن، تەنانەت لە پێناویدا بە چەک و بێ چەک خەبات دەکەن و دەمرن، بە بێ ئەوەی پڕۆگرامێکی پەروەردەی یەکگرتوویان هەبێ، بەبێ ئەوەی لە هەمان شێوە دامەزراوەدا سۆسیالیزە کرابن و بە بێ ئەوەی کە لە پڕۆسەیەکی فێرکردن و ڕاهێنان لە دەزگاگەلی پەروەردەی گشتی، وانەی گێڕانەوەی نەتەوەییی خۆیان وەرگرتبێ. نە نەبوونی ئەو پڕۆسەیە، نە نەبوونی ئەو دامەزراوانەش، نەبوونە هۆکار کە هاوهەستی و هاودڵی لە نێوانیاندا وەرار نەکات و مایندە نەبێت. ئەو هەستانە لە پەنای هەست بە چارەنووسێکی هاوبەش، میرات و مێژوویەکی هاوبەشە کە ڕۆژانە بەرهەم دەهێندرێنەوە. ئەم خاڵانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، دروست بە پێی تێئۆریی نەتەوە وەکوو «کۆمەڵگایەکی وێناکراو»ی ئاندێرسۆن، گوزارش لە پێناسەیەکی نەتەوەیی بۆ کورد دەکات. چەند دەیە پێش ئاندێرسۆن و هابرماسیش، قاسملوو لە بابەتی پێکهاتنی زاناوی نەتەوەییی گەلی کورد، لەکتێبە ناوبانگەکەی «کوردستان و کورد[٢٨]»دا، ئاماژە بە چەندین خاڵی گرنگ وەکوو پێشمەرجی نەتەوەبوونی کورد دەکات و وەها پێدەچێت «لە زانستی نوێدا چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ناوەرۆکی ئەم وشەیە [نەتەوە] دەستنیشان کراوە. نەتەوە کۆمەڵێک لە تاکی مرۆڤین، کە لە پڕۆسەیەکی مێژوویدا دیار بوونە و دامەزراون.» (قاسملوو، ٣٠٠:١٩٩٦) پاش تاوتوێکردنی مێژووی کورد و گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی سەرمایە و دابەشکردنی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا، قاسملوو دەگاتە ئەو ئەنجامە کە «لە بەر ئەم هۆیانە، بەو شێوەیە کە دەتوانین لە نەتەوەکانی دیکە ناوببەین، دەتوانین کوردیش وەکوو نەتەوە پێناسە بکەین، چونکە سێ مەرجی گرنگ و سەرکیی پێکهێنانی زاناوی نەتەوەیی بریتی لە زمان، خاک و دابونەریتی هاوبەش بە تەواوی لە ناو گەلی کوردیشدا هەن.» (هەمان سەرچاوە: ٣٠٤-٣٠٥) سەرەڕای بۆچوونێکی ئێکۆنۆمیست، لێرەدا مارکسیزم، کە بۆچوونی باوی تێئۆریزەکردنی نەتەوە لە ناو چەپەکاندا بوو، قاسملوو، ئابۆری ناکاتە فاکتۆرێکی ئەساسی بۆ پێناسەی نەتەوە و وەها پێدەچێت: «زۆر جار هەبوونی ئابوورییەکی هاوبەش وەکوو مەرجێکی سەرەکی بۆ پێکهاتنی زاناوی نەتەوەیی هەژمار ناکرێت.» (هەمان سەرچاوە: ٣٠٥)

خاڵێکی دیکە کە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی و وێژمانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا بەرجەستە دەبێت، ئیدەی بەرابەری و دادمەندییە، وەکوو گرین فێلد ئاماژە دەکات، نەتەوەی مۆدێرن «کۆمەڵگایەکی گشتگیر، سەروەر و لە جەوهەردا یەکسان»(Greenfeld 2001: 32) وێنا دەکات. قاسملوو لە «بحث کوتاهی در باره سوسیالسم»دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجگەلی حیزبەکەی تەنیا چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو پرۆگرامی هەیە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و «لە ساڵی ١٩٧١ـەوە تا ئیستا

بەرنامەی بە تایبەت لەسەر بنەمای چارەسەری دوو کێشەی «نەتەوایەتی» و «کۆمەڵایەتی» دامەزراوە.» (قاسملوو، ١٩٨٢:٨)

لە ئاراستەی بنەمای یەکەمی بۆچوونەکانی قاسملوودا، کۆمەڵێک تێئۆریسیەنی بواری سەروەری و مافی دیاریکردنی چارەنووس ڕادەگەیەنن کە «نەتەوە وکوو خەڵک مافی خۆبەڕێوەبەریی هەیە، کە [مافی] دیارکردنی چارەنووس، ئاماژەیەکی ڕاستەخۆیە بۆ مافی گەردوونی بۆ مرۆڤ.» (MacCormick 1999; Lindahl: 2001; Tully 1995) هاوئاراستە لە گەل هێمان(عنصر)ی دووەمی بۆچوونەکانی قاسملوو واتە «لە ناوبردنی ئیستیسماری مرۆڤ لە مرۆڤ» (قاسملوو، ١٩٨٢:٩)، ئەو تێئۆریسیەنانە خەخت لەوە دەکەن کە «لە دۆکترینە مۆدێڕنەکانی سەروەریی گەلدا، گەل وەکوو نەتەوە حوکمڕانی دەکات؛ [بۆیە] سەروەریی گەل لە نیزیکەوە بە خۆبەڕێوەبەریی دێموکڕاتیکەوە پێناسە کراوە؛ واتە، مەرجی نۆرماتیڤ، کە بە پێی ئەو، یاسا ڕەوا بکات، ئەوەیە کە [ئەو یاسایە] بەرهەمی بڕیاری گەل بێت.» (MacCormick 1999; Lindahl: 2001; Tully 1995)

## سەروەری لە هزری ئانتی کۆلۆنیالدا

توێژینەوەکانی سەبارەت بە بنچینە و جۆرەکانی هزر و پراکتیکی کۆلۆنیال، بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە ڕەخنەی ئانتی کۆلۆنیال، پێش ئەوەی کە ڕاستەوخۆ داوای سەربەخۆیی بکات، لەسەرەتادا بە داواکاری بۆ شارۆمەندییەکی یەکسان لە نێو چوارچێوەی ئەمپەریالیدا دەستی پێ کردووە. بەڵام ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە ئەم مۆدێلە ئالتێرناتیڤانە، لە ئوتۆپیا (کۆمەڵگای ئارمانی) و هەندێک ئیدەئال تێنەپەڕیون. خەباتی گاندی بۆ شارۆمەندیی یەکسانی ئەمپەریالی بریتانی، لە ئەفریقای باشوورەوە دەستی پێ کرد. واتە دانیشتوانی کۆلۆنییە بریتانییەکان هەمان مافی شارۆمەندییان هەبێت کە سپیپێستە بریتانییەکان لە ناو خاکی بریتانیادا هەیانبوو. سەرەڕای خەباتێکی زۆری لیبێراڵە هندییەکان بۆ بەدیهێنانی مافی شارۆمەندی، دەسەڵاتی بریتانیا تەنیا دانی بە سەروەریی خەڵکی سپێپیستی دوورگەی بریتانیادا دەنا، بەڵام لەمەڕ خەڵکی کۆلۆنییەکان، سیاسەتێکی هەڵاواردنی نەژادیی پەیڕەو کرد. سەرەتاییترین مافەکانی شارۆمەندە غەیرە بریتانییەکان لە کۆلۆنییەکاندا پێشێل دەکران. بۆ نموونە کاتێک گاندی لە بریتانیا ڕا چووە ئافریقای باشوور، هەموو مافە شارۆمەندییەکانی لێ ئەسێندرا. واتە مافە شارۆمەندییەکانی وەکوو شارۆمەندی بریتانیا لە سەر خاکی خودی بریتانیا دەستەبەر بوو، بەڵام کاتێک گەیشتە کۆلۆنییەک، لەو مافانە مەحرووم کرا. ئیدەی شارۆمەندی ئەمپەریال کە دەبوایە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەمپەریالی یەکپارچەدا بەدی بهاتایە، لە کۆلۆنییەکاندا تووشی سنووردارکردنێک بەدەست یەکینە نەتەوەییەکان دەهات. لەم بارەیەدا سینها ڕادەگەیەنێ کە «بۆ ماویەکی کورت لە نێوان هەردو شەڕ[ای جیهانی دا] هەوڵێک درا بۆ یاسای شارۆمەندییەکی بناغەفراوان، بەڵام لە پراکتیکدا، ناسیۆنالیزەکردنی ئەمپەراتۆری بریتانیا [بە دابەشکردن بەسەر چەندین یەکینەی نەتەوەییدا] سەرکەوت، لەگەڵ ئەویش بۆ هەتا هەتایە واز لە مۆدێلی ئەمپەراتۆری فێدێراڵ هێنرا. چوونی گاندی لە ئەفریقای باشوورەوە بۆ هیند، دانپێدانان بەو ڕاستییە بوو کە خەبات بۆ شارۆمەندی ئەمپەریال شکەستی هێنابوو.» (Sinha, 2013: 165) لەسەر ئەم قەناعەتە بوو، کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی هیند، ئیتر لەسەر سەروەریی ڕەهای هیند لە قالبی دەوڵەت-نەتەوەدا بڕیار دەدات. لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە دیکۆلۆنیزاسیۆن (مستعمرەزدایی) بووە بە هۆکاری دروست بوونی پەیوەندییەکی دامەزراوەیی-ئیدیئۆلۆژیک لەسەر جۆگرافیاگەلی دیاریکراو؛ پەیوەندییەک کە بە بیچم گۆرینی سیاسی، بەرەو سەروەریی

گەل لە ئاستی جیهانیدا بەدیهاتووە. لە ئاراستەی ئـــەم گۆڕانانەدایە، کە قاســـملووەهەر لە بەندی یەکەمی مژاری مافــی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، لە کتێبی ناوبراودا کێشـــەکە دەبەستێتەوە بە کۆلۆنیزاسیۆن و وەها پێدەچێت: «مەســـەلەی ڕزگاریی کۆلۆنییـــەکان و وڵاتانی ژێردەســـت خێراتر لە مەسەلەکانی دیکە بەرەو پێش دەچێت... ئێســـتا هیـــچ نەتەوەیەک نییە کە بە ئازادیی خۆی نەگەیشتبێ یان هەنگاوی بەرەو ئازادی نەنابێ.» (قاســملوو، ١٩٩٦:٣١٩) بۆ ڕزگاری لە کۆلۆنیزاســـیۆن، قاسملوو ڕاستەوخۆ ئامـــاژە بـــە وتەی لێنیـــن دەکات کـــە دەڵێ: «مافـــی دیاریکردنی چارەنووســـی نەتەوەکان، واتە ســـەربەخۆیی سیاســـیی ئـــەم نەتەوانە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی.» (هەمان ســـەرچاوە) سروشـــتییە کە قاسملوو، ئەو کات وەکوو مارکسیســـت بۆ ســـەلماندنی بۆچوونەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی مارکس یـــان لێنین، بەڵام دارشـــتن و پێناســـەکردنی چارەســـەریش لە هەمان ئاراستەدایە کە پێشتر ئامـــاژەی پێ کـــرا، بیچم گرتنی ســـەروەری، لـــەدەرەوەی ســـنووری کۆلۆنیالەکانـــدا بووە بە «بۆچوونـــی ســـتاندارد لەمەڕ دەســـکەوتەکانی دیکۆلۆنیزاســـیۆن و ناسیۆنالیســـمی ئانتـــی-کۆلۆنیـــال. [چونکە] لە لایەک وەکوو ئامرازێک بـــۆ گەردوونیکردنـــی سیســـتەمی دەوڵەتـــی ڤێســـتفالێنی کار دەکات، لـــە لایەکـــی ترەوە دەبێتە هـــۆکاری بڵاوبوونەوەی مۆدێلی [مافی] دیاریکردنی چارەنووســـی نەتەوە و سەروەریی گەل لـــە فۆرمی ناسیۆنالیســـمدا.» (Mantena لـــە Burke & Skinner, 2016:297) سەرەڕای ئەوەی کە ڕەوتی باو لە ڕەوتە سیاسییەکانی ئەو کاتـــەدا چەپ بوو، بەڵام قاســـملوو بە جورئەت کێشـــەی کورد لە چوارچێوەی تیئۆریی ئانتی-کۆلۆنیالـــدا پێناســـە دەکات کاتێـــک دەڵێت: «لە هەوڵ بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی کورد، وەکوو زۆرێک لە کێشـــەکانی سەردەمی ئێستا، هۆکارێکـــی دیکـــەش کاریگەرە. لـــە ڕوانگەی مێژووییەوە، جگە لەوەی کە سەردەمی ئێستا، سەردەمی ڕووخاندنی سیســـتەمی کۆلۆنیال و ڕزگاریـــی نەتەوە چەوســـێندراوەکانە، هەروەها سەردەمی گۆڕاندنی [سیستەمی] سەرمایەداری بەرەو سۆسیالیسمیشە.» (قاسملوو، ١٩٩٦:٢٩٢) واتـــە قاســـملوو ئەوکاتەش وەکـــوو چەپێکی مارکسیست، مەرجی یەکەم بۆ سەروەریی گەل لە ڕزگاربوون لە سیســـتەمی کۆلۆنیالدا دەبینێ و گوزار بۆ سۆسیالیســـم لـــە قۆناخێکی دواتردا هەڵدەســـەنگێنێ. بۆیە لەم ئاراستەیەدا جەخت لەســـەر ئەوە دەکات کە «تەنیا بە سەرنجدان لە ڕاستییە ئاماژەپێکراوەکان دەتوانین چارەسەری کێشـــەی کورد تاوتوێ بکەین و هەر هەوڵێک لە پێنـــاوی چارەســـەریی کێشـــەکە دوور لە [سەرنج] بە سەر ئەم ڕەوشە گشتییە، لە ئاستی تیئۆرییـــەوە هەڵە و لـــە پراکتیکـــدا زیانبارە.» (هەمان سەرچاوە)

ناسیۆنالیسمی ئانتی کۆلۆنیال بە شێوەیەکی دیالێکتیـــک، بـــەرەو دەوڵەت-نەتەوە گەشـــەی ســـتاندووە، چونکـــە «نەتەوە-دەوڵـــەت ڕۆژەڤی سەرەکیی هزری ئانتی-کۆلۆنیال بووە.»(Mantena لـــە Burke & Skinner, 2016:29) مانتێنـــا نەتەنیـــا نەتەوە-دەوڵەت وەکـــوو ڕۆژەڤی هزری ئانتی کۆلۆنیال پێناســـە دەکات، هەروەها ئاماژە بە دێتێرمینیســـمێکی (جەبر) مێژوویی دەکات و ڕادەگەیەنی «چونکە [پرۆسەی] دیکۆلۆنیزاسیۆن بـــە جودابوونـــەوە و ســـەربەخۆیی کۆلۆنییـــە فەرمییەکانی جاران بە ئەنجام گەیشت، نەتەوە-دەوڵەت دەبێت وەکوو بەرهەمی لۆژیکی وەراری سیاسیی ئانتی-کۆلۆنیالیسم وێنا بکرێت.» (هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٠)

## شـــــارۆمەندســـازی بە شایســـتەییی ئێپیستێمیک

قاسملوو لە کتێبەکەیدا باس لە پێکهاتنی زاناوی نەتەوەییـــی گەلی کورد دەکات، کە تەعبیرمان لەو دەستەواژەیە پرۆســـەی نەتەوەسازییە. لەم بارەیەدا قاسملوو ڕادەگەیەنێ کە «دروستکردن/

پێکهێنان(تکوین)ی کامڵی زاناوی نەتەوەییی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا ئەستەمە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، هەبوونی نەتەوەی کورد کە ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەسەندن و بەهێزبووندایە، ئینکار بکرێت.» (قاسملوو، ١٩٩٦:٣٠٥) نزیکەی شەست ساڵ بەسەر ئەو سەرنجەی قاسملوودا تێدەپەڕێت. لەو سەردەمەوە تا ئێستا کوردستانی ڕۆژهەڵات چەندین شۆڕشی ئەزموون کردووە کە ئەو شۆڕشانە بوون بە بەشێک لە بیرەوەریی نەتەوەییی تاکی کورد. ئەنتەگراسیۆنی کۆمەڵگا کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات، چەندین قۆناغی بەسەربردووە، تەنانەت بە بۆچوونێکی مارکسیستیش بێت، پەیوەندییەکانی سەرمایە ئێستا لە ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتووتردایە. سەرەڕای نەبوونی فیزیکی -یان ئامادەبوونێکی کز- تەڤگەری ڕزگاریخوازیی کوردی لە ڕۆژهەڵات، ئاستی خۆئاگاییی نەتەوەییی تاکی کورد لە ڕۆژهەڵات زۆر بەهێزتر بووە. مانگرتنی ٢٠١٨ سەلماندی کە خەڵکی ڕۆژهەڵات هێشتا پابەندی وێژمانی سیاسیی ڕێکخراوە سیاسییەکانیەتی. هۆکاری سەرەکیی ئەم پابەندییە و ئەم خۆئاگاییيە نەتەوەییيە جیاواز نییە لە ئەو هاندەرە کە جووتیارانی شڤابێن داواکارییە ڕەواکانیان دەربڕن؛ ئەو هاندەرە بێ گومان ئێپیستێمە.

مەرجێکی گرینگی دێموکراسییەکی زیندوو و دینامیک، شایستەییی ئێپیستێمیکە (epistemic merit). بە بێ ئێپیستێم، پڕۆسەی ڕۆشنگەری، ڕێفۆرماسیۆن، وەراری چەمکی سەروەری و لە کۆتاییدا دێموکراسیش مومکین نەبوو. دەوڵەتی ئێران، کوردستانی میلیتاریزە کردووە، دەزگای پەروەردە و ئابوری و کارگێریی لە کوردستان بەهێزتر کردووە، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵات هەست بە درز و دابڕانێکی قووڵ لە نێوان خۆیان و ئێراندا (وەکوو دەوڵەت) دەکەن. نامۆ بوونی کورد لە ئێران و ئێرانی بوون بەشێکە لە پڕۆسەی سروشتیی نەتەوەسازی، کە بۆ خۆییەکان هەڵوێستێکی گشتگیر (inclusive) و لەمەڕ دەرەوەی خۆی، بە تایبەت دیکەی خۆی، هەڵوێستێکی دەرگر (exclusive) هەڵدەبژێرێ. بەڵام لەو درز و دابڕانەدا بۆشاییيەکی ئێپیستمیکی هەیە، واتە بۆ تاکی کورد و تەنانەت بۆ بەشێک لە نوخبەی سیاسیی کورد، ئەو بۆشاییيە پێناسە نەکراوە. نامۆبوونی خەڵکی ئاسایی لە کلێسە بە دەستەبەرکردنی سەروەری کۆتایی هات، بەڵام بە بێ بەدەستهێنانی ئێپیستێم و ڕاهێنانی دێموکراسی، ئەو سەروەرییە نەدەگەیشتە ئامانجی کۆتایی.

## ڕاهێنانی گەل

نوخبەی هزری و سیاسیی کورد، لە نەبوونی دەزگای سۆسیالیزاسیۆنی نەتەوەییدا، ئەرکێکی گرنگییان بۆ ڕاهێنانی گەل هەیە، کە لە نەریتی بزووتنەوەی کرێکاری لە سکاندیناڤیادا وەکوو ڕاهێنانی گەل (بە سوئێدی folkbildning[٢٩]) پێناسە کراوە. مەبەست لەو ڕاهێنانە ڕۆشنگەری بۆ خەڵکە، کە لە کۆتاییی سەدەی ١٩دا بە تایبەت لە ناو ڕێکخراوە کرێکارییەکانی نزیک بە حیزبە سۆسیالدێموکراتەکاندا سەری هەڵدا. ئامانجی سەرەکیی ڕاهێنانی گەل، دروستکردنی بیر و ڕا و لە کۆتاییدا مۆبیلیزە (بەسیج) و جووڵاندنی خەڵک بەرەو ئاراستەیەکی سیاسی بوو. چونکە «لە مۆبیلیزاسیۆندا ئامادەیی دروست دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کردارێک، واتە ڕاهێنانی مۆبیلیزەکارانەی گەل، تەنیا بە ڕۆشنگەری و وەرگرتنی زانین ڕاناوەستێ. کاتێک باس لە مۆبیلیزەکردن بە ڕێگای ڕاهێنانی گەل دەکەین، ناوەڕۆکی خەباتەکە پەیوەندییەکی قووڵی بە بزووتنەوەی گەل و بزووتنەوە] کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.» (Lars-son, 2013:9) لایەکی دیکەی ڕاهێنانی گەل، بەدیسیپلینکردنی هزر، وێژمان و کرداری گەلە بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو. نەبوونی دیسیپلین ڕێگا دەدات بە بێهێزیی هەر جووڵانەوەیەک. بێگومان بەرخۆدانی بە دیسیپلین بەشێکی

ناجیابار لە مۆبیلیزاسیۆنی سیاسیدایە. ئەندامەتی لـە کۆلێکتیف(جەمـع) و لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەندیـی کۆلێکتیـف و تەنانـەت وەکوو تـاک نوێنەرایەتیـی ئـەو بیروبۆچوونانەی کە کۆلێکتیڤ هەیەتی، بەشـێکە لە ئەنجامەکانی ئەم خۆ دیسـیپلین کردنەوەیە. ڕاهێنانی گەل لە سـەدەی نۆزدەشـدا وەکوو پێشمەرجێکی دێموکراسـی پێناسـە دەکرا؛ واتـە بۆ ئەوەی گەل بتوانێ موماریسـەی دێموکراسـی بکات، پێویسـت بوو ڕابهێندرێت و پەروەردە بکرێت. لە هەمان کاتدا وەکوو لارشـۆن ئاماژە دەکات: «ڕۆشـنگەری، ناوکی مۆبیلیزەکردنی خەڵکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتـی؛ [واتە] زانینی ئۆبژێکتیڤ سـەبارەت بـە ڕەوشـی کۆمەڵگا، بێـدادی و وێناکردن و بیرلێکردن لە سـەر بۆچوونەکانی دیکە لـە کۆمەڵگادا و کۆمەڵـگا دەبێت چۆن بەڕێوە بچێت، ئەمانە هەمووی بە ڕێگای ڕاهێنان و پەروەردەی گەلەوە دەگاتەوە تاک.»(Larsson, 2013:9) سۆسـیالدێموکڕاتەکان بـۆ ڕاهێنانی خەڵکی ئاسـایی بە درێژاییی مێژوویان بازنەی موتالعاتییـان (studiecirkel) دانـاوە. لە هەر شـوێنێکی کار، سـەندیکا بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنێکی موتالعاتـی، بازنەیەکی دادەنا، نە مامۆستا بەڵکو ڕێبەرێکی بازنە (cirkelledare) دەستنیشـان دەکرا و لەسـەر تەوەری جیاواز کرێـکار یان کارمەند یان هەر شـارومەندێکی دیکە، وانەیان لە ڕێبەری بازنە وەردەگرت.

ئەم بازنانە لەدەرەوەی سیستەمی پەروەردەی گشـتی و تەنانەت زۆر جار لە دەرەوەی بازنەی ئیدئۆلۆژیکی خودی سۆسیالدێموکراتەکان بوون. پەر ئالبین هانسـۆن (Per Albin Hansson)، ڕێبەری سۆسیالدێموکڕاتەکان و سەرۆکوەزیری سـوئێد لە نێوان هەر دوو شەڕی جیهانی و لە میانەی شـەڕی جیهانیی دووەمدا لەو باوەڕەدا بـوو کـە یەکێک لـە گرنگتریـن ئەرکەکانی دێموکراسی، لە ناوبردنی هاوهەستیی چینایەتی و دامەزراوەیی کردنی هاوهەستیی شارۆمەندییە، کـە بریتییـە لـە بەهاگەلی گشـتگیر وەکوو بایەخ و هاودەردی، دادپەروەری، هاوهەسـتی و مرۆڤایەتـی.» (Karlsson, 2001:468) هانسـۆن هەروەها وەکوو دانەری ماڵی گەلیش (Folkhemmet) ناسـراوە، واتە کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و گشتگیر کە هەموو کەس بە هەموو زانـاو و تەعەلوقی کۆمەڵایەتـی، چینایەتی و هزرییەوە، بتوانێ خۆی تێدا ببینێ و هەروەها لە ڕیفاە(خۆشـبژێوی)ی هاوسان بەهرەمەند بێت. بە بۆچوونی ئاندێرش ئیساکسـۆن، نووسـەری بیۆگرافیـی هانسـوون، ماڵی گـەل ئامرازێک بوو بۆ «زاڵبوون بەسـەر زاناوە چینایەتییەکان» وهەروەها ڕادەگەیەنێ کە هانسـۆن «زۆر چاک لە پۆتانسیێلی یەکگرتنەوەی ماڵ، ناسیۆنالیسم و سۆسیالیسـم ئـاگادار بـوو. (Isaksson, 2000:189)

بە ڕێکـەوت نییـە کە سۆسیالیسـتێکی دیکە، قاسملوو، لە هەمان ئاراستەدا ئاماژە بەوە دەکات کە «هاوکات لەگەڵ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و دەسـتەبەرکردنی مافی نەتەوەیی، حیزبی پێشـڕەو (مەبەستی حیزبی دێموکڕاتی کوردسـتانی ئێـران بـوو) دەیـەوێ کێشـە کۆمەڵایەتییەکانی گەلەکەمان چارەسەر بکات.» (قاسـملوو، ۱۹۸۲:۶) واتـە بەبێ دروسـتکردنی کۆمەڵگایەکـی دادپەروەر و شـارۆمەندییەکی گشتگیر، بەدیهێنانی مافی نەتەوەییش سوودی نابێت. قاسـملوو لێـرەدا بە ڕاشـکاوی دەڵێ «حیزبێـک کە هەوڵ دەدات بزووتنەوەی گەلی کـورد ڕابەری بـکات، ئەگەر تەنیـا حیزبێکی ناسیۆنالیسـتی تـەواو عەیار بێـت، واتە بەس چارەسـەری کێشـەی نەتەوەیی لـە ناوەندی بیروڕاکەیدا بیت، دەگاتە جێگایەک کە کێشـە کۆمەڵایەتییەکانـی چارەسـەر نەکردووە و بەم شێوەیە بەدەسـتهێنانی مافی نەتەوەیی وەکوو شـتێکی بێ کەڵـک وەدەر دەخـات.» (هەمان سـەرچاوە، ۶) بۆچوونی قاسملوو دەکرێت وەکوو پێشبینیەک بۆ هەلومەرجی هەرێمی کوردستانی عێـراق هەڵبسـەنگێندرێت. حیزبەکانـی ئەو بەشەی کوردسـتان بۆ قوناغی پاش ڕزگاری وا

دیاره هیچ بەرنامەیەکیان نەبووە؛ لە ماوەی ٢٩ ساڵ حوکمڕانیدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هیچ پرۆگرامێک بۆ پێکهێنانی شارۆمەندیی کوردستانی دانەڕێژراوە؛ هیچ پرۆگرامێک بۆ مەهاری سەرمایە بە ڕێگای باج و هاندانی کەرتی بەرهەمهێنەر دروست نەکراوە. دروست بە پێچەوانەوە، بە پێی ڕێبازی نیئۆلیبراڵ، ڕێگە دراوە بە دروست بوونی کارتێل و تراستگەلێک کە لە خزمەت ئۆلیگارشییەکدایە. لەو بەشەی کوردستان نەک هەر شارۆمەند دروست نەبووە، تەنانەت حیزبایەتییش بە پێی ئێپیستێم و ڕاهێنانی کادر و هاووڵاتی بەڕێوە نەچووە؛ پەیوەندیی حیزبەکان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی پەیوەندییەکی پاترۆناژ (ئەرباب موشتەری) ە. وەکوو قاسملوو دەردەبڕێ، بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی، بێ کەڵک دەمێنێ و ئیتر زۆر ئاسایی دەبێت ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەندێک ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی حقوقیی هەرێم و تەنانەت پەیوەستبوونی پارێزگا کوردستانییەکان بە بەغداوە، وکوو ڕێگاچارە بۆ کێشەکان دەبینن و بەشێکی بەرچاوی خەڵکیش بۆ ئەو بۆچوونانە چەپڵە لێدەدەن.

ڕوویەکی دیکەی پرسەکە دەستنیشانکردنی جۆرە دێموکراسییەکە کە قاسملوو وەکوو دێموکراسیی قووڵ چەند جار ئاماژەی پێ کردووە. قاسملوو لەو باوەڕەدایە کە«دێموکراسی پێویستترین مەرج بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا یە. دێموکراسی تەنیا بە چەند دەستووری کارگێڕی بەدی نایەتەوە» (هەمان سەرچاوە، ل ٣٨) و ڕادەگەیەنێ کە «وەکوو حیزبێکی دێموکرات کە چل ساڵە لە پێناو ئازادی و دێموکراسیدا تێدەکۆشێت، باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیە و بەدیهێنانی لە هەموو هەلومەرجێکدا وەک یەکێک لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەبینێ.» (هەمان سەرچاوە، ل ٤١) ڕەخنەی قاسملوو لە سیستەمی ڕێئالسۆسیالیسم، واتە وڵاتە سۆسیالیستەکانی بلۆکی سۆڤیەت، دەربڕی ئەوەیە کە قاسملوو لە باوەڕی بۆ ئازادی و دێموکراسیدا سادقە، چونکە سۆسیالیسمی دێموکراتیک وەکوو دژبەرێک بۆ سۆسیالیسمی ئۆتۆریتەری سۆڤیەتیک پێناسە کراوە. هەرچەند وەکوو لێکۆڵەرێک، قاسملوو لە سیستەمەی ئاکادێمیکی مارکسیستیی سەردەمی شەڕی سارد دا سۆسیالیزە کرابوو، بەڵام باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، بۆیە لە لایەن چەپی توندڕەو ڕا بەردەوام هێرشی دەکرایە سەر و بە نوێنەرایەتیی بوورژوازی تاوانبار دەکرا. قاسملوو گەیشتبوو بەو قەناعەتە کە بە بێ بەرنامەیەک بۆ شارۆمەندسازییەکی دێموکراتیک، بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی ئەستەمە. لایەنی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیی هزری قاسملوو یەکتریان تەواو دەکرد. دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی واتە سەروەریی گەلی کورد و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە سیاسەتێکی گشگیری شارۆمەندسازیدا ئەساسی هزری قاسملوو بووە.

## ئەنجام

خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، لە جەوهەری خۆیدا خەباتێکی ئانتی کۆلۆنیالە بۆ دەستەبەرکردنی سەروەری، کە بە پێی دیالێکتیکی ئەو خەباتانە بە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەوە بەدی دێتەوە. بە بۆچوونی قاسملووش گەلی «کورد وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکە، مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە.» (قاسملوو، ١٩٩٦:٣١٩) قاسملوو هەموو ژیانی سیاسیی خۆی لە میانەی شەڕی سارددا بەسەر برد، کە گۆڕانی ستاتوس-کوو(دۆخی ئارایی)، واتە گۆڕینی سنوورە سیاسییەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان کۆلۆنیزە کردووە لەو سەردەمەدا، ئەستەم بوو. بۆیە بەشێکی زۆر لە نووسراوەکانی تەرخان دەکرد بۆ بەرگری لەو هزرە، هەم لە بەرانبەر چەپەکان و بلۆکی سۆڤیەت و هەمیش بەرانبەر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا. هەلومەرجی

سیاسیی ئێران و ژێئۆپۆلێتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قاسملووی بەرەو چارەسەرییەکی کارکردی هان دەدا، بۆیە ئۆتۆنۆمیی وەکوو بژاردەیەک، بۆ «قۆناخی یەکەم» بەرجەستە دەکات کە دەستەبەرکردنی لە «هەلومەرجی» ئەو کاتەدا لەوانەیە ئەستەم نەبێت. قاسملوو لەم بارەیەدا پرسەکە وا شی دەکاتەوە: «دوور نییە لە قۆناخی یەکەمدا لە گشت ئەو وڵاتانەی کورد لێیان دەژین، مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا دابین بکرێت. ئاشکرایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی هەریەک لەو وڵاتانەدا دروشمێکی دروستە.» (قاسملوو، ۱۹۹۶:۳۳۰) تەنانەت بیست ساڵ دواتریش لەسەر کاتی بوونی دروشمی ئۆتۆنۆمی دیار دەکات کە ئەو دروشمە لەو قۆناخەدا بۆ حیزبی دێموکرات دروشمێکی ستراتێژیکە؛ ئەو ستراتێژییە لەوانە یە ۵، ۱۰، تەنانەت ۲۵ ساڵ یان زیاتریش بخایەنێ و لەسەر بەردەوامیی قۆناغی ستراتێژیک ڕادەگەیەنێ کە «بەردەوامیی قۆناخی ستراتێژیک هۆکار و بکەری زۆری هەیە، بەتایبەت بەو پرسەوە گرێ دراوە کە ئێمە لە قۆناخێکی تاکتیکیدا تا چ ئەندازە سەرکەوتوو بووین و تا چ ڕادەیەک لە تاکتیکی گونجاو کەڵکمان وەرگرتووە.» (قاسملوو، ۱۹۸۲:۱۱) دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، هەرچەندە ستراتێژیک بیت، بە بۆچوونی شەخسی قاسملووش بەستراوەتەوە بە هەلومەرجەکانی کاتی و ژێئۆپۆلێتیک، دەنا لە ڕاستیدا وەکوو بەردەوام ئاماژەی پێ کردووە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی خۆی هەیە، واتە سەروەریی تام و تەواو.

باوەڕی قاسملوو بۆ دێموکراسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، گوزارش لە زانینی لە شایستەیی ئێپیستێمیک وەکوو پێشمەرجێک بۆ دێموکراسییەکی قووڵ دەکات. ئەم ئێپیستێمە دەبێت لە ناوئاخنی تاکی کورددا دەروونی بکرێت؛ ماتریالی ئەم شارۆمەندییە ئامادەیە؛ ڕۆژهەڵات بە دینامیکی خۆیەوە سەلماندوویەتی هەرچەندە تاکەکانی لە پراکتیکی سیاسی و یاساییدا ڕەعیەتی عەجەمن، بەڵام پرۆتۆتیپی شارۆمەندیی کوردستانیان خوڵقاندووە و ئەرکی هەنووکەییی نوخبەی سیاسی و هزری کورد لە ڕۆژهەڵات، خەبات لە قالبی ڕاهێنانی گەلی کورددا بۆ دروستکردنی شارۆمەندییەکی دێموکراتیک، گشتگیر و ئامانجمەندی کوردستانییە.

## ژێدەرەکان

1. episteme
2. divine sovereignty
3. human integrity
4. Raison d'être
5. regnum
6. Regnum Anglicana
7. Regnum Gallicum
8. ecclesium

۹. من لە جیاتی وشەی «ئایین» وشەی «دین» بەکار دێنم، چونکە وشەیەکی پارتی /dên/ و ئاڤێستایی/deêne/ یە و عەرەبی نیە، بەڵام چووە ناو دەقە عەرەبییەکان، بە تایبەت قورئان. ئایین زیاتر بۆ/ritual/ بەکارهێنراوە و لە ڕاستیدا دەربڕینی دابونەریتی دینی وەکوو نوێژ و ڕۆژوویە.

10. Lay piety
11. Laicity
12. doctrinal pluralism
13. Die Sprache
14. Schwaben, eng: Swabia
15. Divine sovereignty
16. Peace of Westphalia
17. State sovereignty
18. Westphalian sovereignty
19. John Locke
20.Jean-Jacques Rousseau
21. Du contract social, ou Principes du droit politique
22. Koma Civakên Kurdistan demokratik, toplumcu-kon¬federal bir sistemdir. Demokrasi, cinsiyet özgürlüğü ve ekolojik yaşamı esas alır. Devlet olmayan, yatay ve piramit tarzı örgütlenmiş, demokratik, siyasal ve toplumsal bir organizasyondur. Halk toplulukları iradesini komün, ocak, meclis ve kongreler ile ortaya koyar.
23.https://tr.wikisource.org/wiki/KCK_S%C3%

Stockholm: Wahlström & Widstrand
Jackson, R. (2007). Sovereignty, evolution of an idea. Cambridge: Polity Press.
Karlsson, Sten O. Karlsson. (2001). Det intelligenta samhället: En omtolkning av den socialdemokratiska idéhistorien. Stockholm: SAB.
Keen, M. (1991). The History of Medieval Europe. Harmondsworth: Penguin Books.
Lindahl, H. (2001). 'Sovereignty and the institutionalization of normative order', Oxford Journal of Legal Studies, 21 (1): 165–80.
MacCormick, N. (1999). Questioning Sovereignty. Law, State, and Nation in the
European Commonwealth, New York: Oxford University Press.
McGrath, E. (2004). The intellectual origins of European Reformation. Cornwall: Blackwell Publishing.
Philpott, D. (2001). Revolutions in sovereignty. New Jersey: Princeton University Press
Rousseau, J. (2002). The Discourse on the Sciences and Arts and The Social Contract. New York: Vail-Ballou Press.
Sinha. M. (2013).'Whatever Happened to the Third British Empire? Empire, Nation Redux'. Writing Imperial Histories. Edited by Andrew S. Thompson, 168–83. Manchester: Manchester University Press.
Talmon, J. ( 1 970). The Origins of Totalitarian Democracy. New York: Norton.
Te Brake, W. (1998). Shaping History : Ordinary People in European Politics, 1500-1700. Los Angeles: University of California Press
Tully, J. (1995) Strange Multiplicity. Constitutionalism in an Age of Diversity, Cambridge: Cambridge University Press.
https://uscode.house.gov/download/annualhistoricalarchives/pdf/OrganicLaws2006/decind.pdf
https://www.un.org/en/universal-declaration-human-rights/
https://wp.stu.ca/worldhistory/wp-content/uploads/sites/4/2015/07/French-Constitution-of-1791.pdf
http://kurdistanmedia.com/content/upload/1/newsletter/%D8%A8%D8%AD%D8%AB-%DA%A9%D9%88%D8%AA%D8%A7%D9%87%DB%8C-%D8%AF%D8%B1%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D9%87%DB%8C-%D8%B3%D9%88%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D9%84%DB%8C%D8%B3%D9%85.pdf
Larsson, S. Eriksson, L. Lundberg, M. Nordvall, H.Folkbildning för förändring, https://www.researchgate.net/publication/265092916 (retrived 2020-06-27)
قاسملو، عبدالرحمن (۱۹۹۶). کردستان و کرد. ترجمه: طه عتیقی. APEC

B6zle%C5%9Fmesi?fbclid= IwAR37wvYS8p-m2IG ztbslEt9a-ozPepb-dClhrtTQfdjTBUIm-VZsWqRD k4rNc, retrived 2020-06-27
24. Kürdistan'da doğup yaşayan veya KCK sistemine bağlı olan herkes yurttaştır. KCK yurttaşı sisteme siyasal ve toplumsal bağla bağlı olan ve kültürel kimliği ile katılan, özgür iradeli, yurtsever, demokrat, katılımcı bireydir. Bu Sözleşmede belirlenen hak ve özgürlüklere sahiptir ve bu Sözleşmenin belirlediği yükümlülükleri yerine getirir.
25. KCK ilke ve amaçlarına karşı ihanet suçu işleyen kişi, Yüksek Adalet Divanının kararı ve Kongra Gel'in onayı ile yurttaşlıktan çıkarılır.
26. PKK, klasik parti olmayan, iktidarı hedeflemeyen, ideolojik, ahlaki ve örgütsel bir oluşumdur. Felsefe, bilim ve sanat alanında ideolojik ve özgür ahlaki bir örgütlenmedir. KCK sisteminin ideolojik gücüdür. Önderlik felsefe ve ideolojisinin hayata geçirilmesinden sorumludur.
27. Realpolitik
٢٨. ئەم کتێبە جاری یەکەم ساڵی ١٩٦٢ چاپ کرا. سەرچاوەی ئەم وتارە وەرگێرانە فارسییەکەی ساڵی ١٩٩٦ە.
٢٩. لە باری واتاییدا ئەم وشەیە هەم دێتە واتای ڕاهێنان و هەمیش پەروەردە.

## سەرچاوەکان

Brad R. Roth and Larry A. Garber Proceedings of the Annual Meeting (American Society of International Law) Vol. 91, Implementation, Compliance and Effectiveness (APRIL 9-12, 1997), pp. 363-372 (10 pages)
Burke, R. & Skinner, Q. (2016). Popular Sovereignty in Historical Perspective. Cambridge: Cambridge University Press.
Clark, G. (1960). Early Modern Europe. London: OUP.
Friedrich, C. ( 1 963). The Philosophy of Law in Historical Perspective. Chicago: University of Chicago Press
Greenfeld, L. (1992). Nationalism. Five Roads to Modernity, Cambridge, Mass: Harvard University Press.
Habermas, J. (1996). 'The European nation state. Its achievements and its limitations. On the past and future of sovereignty and citizenship', Ratio Juris 9 (2):125–37.
Haig, C. (1993).English Reformations: Religion, Politics, and Society under the Tudors. Oxford: Clarendon Press.
Isaksson, A. (2000). Per Albin 3: Partiledaren,